ساعدت الأمانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة كردستان على طبعه

هەڵبژاردەیەک
«ئەلعەقیدە مەرضیەی»
مەولەوی

لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی

بابە علی شێخ عمر قەرەداخی

١٩٨٥ ز

١٤٠٤ ك

MAWLAWI.KRD

ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری؛ لاوان یارمەتی لەچاپ دانی داوە

هەڵبژاردەیەك لە (عەقیدە مەرضیە)ی

مــەولــەوی

لێكدانەوەو لێكۆڵینەوەی

بابە علی شێخ عمر قەرەداخی

١٤٠٥ك - ١٩٨٥ز

چاپخانەی ئیرشاد - بەغدا

MAWLAWI.KRD

کورتەیەك لە ژیانی مەولەویی

ڕۆژێ لـە ڕۆژانی ساڵی (١٢٢١)ی کۆچیی، لە دێی (سەرشاتە)ی دوور لە ئاوەدانیی، لە ناوچەی (تاوگۆزی)ی بەشی عێراق، خونجە یەکیتر لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنو بەڕێز چاوی هەڵهێنا .

ئـەم خونچە سەیید (عبدالرحیم)ی کوڕی مـەلا (سعید) بوو کە لـە ڕەگەزدا ئەچێتەوە سەر زانای گەورە مـەلا (ابو بکر)ی چـۆڕیی بـەنـاوبانگ بـە (مُصنِّف) .

پاش ماوەیەك باوکی بـە مەلایەتیی ئەچێتە دێی (بێژاوا)و سەیید (عبدالرحیم)یش، سەردەمی خوێندنی دێو لای باوکی دەست ئەکا بـە سەرەتای خوێندنو نووسینو، قورئانی پیرۆز تەواو ئەکاو گەلێ لە کتێبە سەرەتاییەکانیشی لا ئەخوێنێ، ئەنجا لـە سـەر نەریتی ئەو سـەردەمە ئەکەوێتە گەڕان بـە قوتابخانـە ئاینییەکانـی کوردوستانداو لـە هـەر گوڵزارێ گوڵێو لـە هـەر باخێ میوەیێ ئەکاتەوە، تا لـە بەرهەرمی زانایانی سەردەم مەست ئەبێو لـە کۆتاییدا لای، زانای بەناوبانگ مـەلا (عبدالرحمان)ی نۆتشیی، موفتی سلەیمانیی‌و مامۆستای مزگـەوتی مەڵکەندیی ئەگیرسێتەوەو تاجی سەر گەنجینەکـەی لا بـەدەست دێنێو ئیجازەی زانیاریی لێ وەرئەگرێ .

لـە پاشا لە دێی (چرۆسانە) قوتابخانەیەك بۆ خۆی پێکەوە ئەنێو ماوەیەك سەرقاڵی وانەوتنەوەی زانیارییە ئاینیی‌و ئـەدەبییەکان ئەبێ، چەند دێیەکی تریش ئەکا، تا لـە (شەمێران) ئەگیرسێتەوە، لـە

سەردەمی سەرکاری شیخ عەلی عەبابەیلێیدا ماوەیەکی تێدا بە خۆشی ی بەسەرئەبا ، کار ئەگۆڕێو (عثمان)ی خاڵە ئەبێ بە سەرکارو نالەباری ی بەرانبەر خزمو کەسەکانی مەولەوی ی دەرئەبڕێ ، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ (سەرشاتە)و لەگەڵ ئەو هەموو بوارانەی لە ڕێیداهەبوو ، ماوەی تەمانی لەگەڵ خزمەکانیدا بە هەژاریی ی و نەفس بەرزی ی بەسەرئەبا •

لە کۆتایی ی ژیانیدا تووشی ژنمردنو کوردی ی کردووە • هەر بەسۆزترین لاواندنەوەی پێشکەش بەئەدەبی کوردی ی کردووە • هەر وەها کتێبخانەکەشی سووتاوەو گەلێ لە کتێبو دەستنووسەکانی تێداچووە ، بەم بۆنەئەوە چامەیەکی ئێجگار دڵگیری وتووە •

هەرچەند لەوە ئەچێ گەلێ شیعرو چامەی بەنرخی تێدا چووبێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە شیعرەکانی لای ئەمو ئەو ماونەتەوە سامانێکی یەکجار بەنرخن لە جیهانی ئەدەبو شیعردا •

شاعیرێتی ی سەید (عبدالرحیم) ئەگەڕێتەوە سەردەمی لاوی ی و فەقێیەتی ی ؟ ئەو نامانەی بۆشێخ (عزیز)ی جانەوەرەیی ی لەم سەردەمەدا، نووسیوە بەڵگەیەکی ڕوونو ئاوێنەیەکی بالانمان بۆ زوو ڕەسی ی ئەو بەهرە شیعریە ڕەسەنو سەرکەوتووە •

لە سەردەمی مەلایەتیدا خولیا سۆفییگەری ی و وەرزشی گیانی ی ئەکەوێتە سەری و بەرەو تەوێڵە بۆلای ڕابەری پایەبەرز شێخ (عثمان)ی (سراج‌الدین) ئەکشێو پەیوەندییەکی گیانی ی لەگەڵدا ئەبەستێ ، واتای سۆفییگەری ی تێکەڵ بەگۆشتو خوێنی ئەبێو ئەچێتە بارو دۆخێکی ترەوە •

ئەم دیاردە لە شیعرەکانیدا ڕەنگ ئەداتەوەو ڕێبازێکی نزیك لە ڕێبازی مەولانای ڕۆمی ی پێ ئەگرێ ، هەر لەبەر هەستکردن بەم

لێکچووەبووە ، غولام شاخانی والی‌ی سنە ـ کسە لـە سەرەتادا بەهۆی جیاوازی‌ی مەزهەبییەوە ناحەزی سەییە (عبدالرحیم) بووەو بە ناچاری‌ی دوای دەرکەوتنی بەهرەی بێوێنەی ویستوویەتی بۆسوود وەرگرتن لە بەهرەکەی خۆی لێ‌نزیك کاتەوە ـ لـە ئاهەنگێکدا بەم بۆنەوە سـازی کردبوو نازناوی (مەولەوی‌ی)ی بە شـێویەکی ڕەسمی‌ی پێشـکەشی سەیید (عبدالرحیم)کردو ، لەو سەردەمەوە زیاتر لە هەموو ناوو نازناوێ بـە مەولەوی‌ی ناسراوە ، ئەمە سەبارەت بە (مەولەوی‌ی) ئـەو نازناوەی کەخۆیشی پەسەندی کردووە : (مەعدووم) هەر لەو ڕێبازە سۆفیگەرییەوە هاتووە •

ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵی (١٣٠٠)ی کۆچی‌ی کە لە پرسەی دۆستێکی لـە (بریس)ەوە ئـەگـەڕایەوە ، لـە سـەر ڕێـگەکـەیدا نزیك لـە (هانەسوورە) توویەك لقی‌شۆڕ بووبوەو جڵەوکێشەکەی ئامۆژگاریەکەی لە بیر چوو کە ئاگاداری کاتەوە تا لەو ئاستەدا سەردانەوێنێ ، لقەدار بە سنگی بێ‌خەوشی مەولەوییدا ئەداو لە ئەسپەکەی ئەکـەوێتە خـوارێو پشتی ئەشکێ ، لە ئەنجامدا ئەوکۆگای زانستو ئەدەبو خوداناسییەش خاك ئەی شارێتەوە ، سەد ڕەحمەت لە گۆڕی خاوێنی‌و دروودی بێ‌پایان لـە گیانی پاکی‌ی •

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

خولیای ئـەم لێکۆلینەوەم چۆن کەوتەسەر ؟

دەمێك بوو سـەوداسـەری (العقيدة المرضية)ی مەولەوی ی بووم و حەزم لە بەخت کردنی ماوەیەك ئەکرد ، لە خوێندنەوەیەکی وردوو پڕ چەشیدا ، بەڵام پڕ کێشییم نەئەکرد ؛ لەبەر چەند هۆیەك کە هـەندێکیان پەیوەندی ی بەخۆمەوە هەبوو ، وەك پەشێوی ی دەروونی ی و جارجاریش بێ دەرفەتی و سەرقاڵی ی و سەرپاڵەی هەموویش کاك تەمەڵی ی •

ئەوی تریش بەستەیە بـە کتێبـەکـە خۆیـەوە ، وەك گرانـی ی و پێچراوەیی ی و زمانی نووسین کە تێکەڵە لە چەند شێوەیەك جگە لە بەکار هێنانی عەرەبی ی وفارسییش هەرچەند بە شێوەیەکی سەرەکی ی لەهجەی ناوچەی تاوگۆزی ی و نەورۆڵی ی تێدا زاڵە •

سەرەڕای هەموویش بەکارهێنانی ڕێنووسی فارسی ی لە دەستنووس و چاپە تاقانەکەی خوالێ خۆشبوو : [محی الدين صبری النعيمی أل (کانی مشکانی)]دا ، کە لە ساڵی : (١٣٥٢ك/١٩٣٤ز)دا لە میسر بە ئەنجامی گەیاندبوو •

زۆر جار ئاواتی ئەوەم ئەخواست شارەزایەك بەڕێنووسی باو لەگەڵ ڕاڤەدا ئەرکی لەچاپدانی بگرتایە ئەستۆو ، ئەو ڕێ سەختو بەردەڵانەی بۆ جەماوەری خوێنەران خۆش بکردایە •

ئەوەشم ئەزانی ی کە زانای پایەبەرز مامۆستا مـەلا (عبدالكريم)ی

موده‌ڕپیس ، ده‌مێکه‌ له‌ ڕافه‌کردنی بووه‌ته‌وه‌و به‌ته‌مای له‌ چاپدانێتی له‌ ده‌رفه‌تێکدا ، به‌ڵام تا ئێسته‌ ، له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ك بێت بۆی ڕێ نه‌که‌وتووه‌ ،

ڕێیشی تێ ئه‌چێ کاره‌کانی تری به‌لاوه‌ گرنگتربووبێ‌و له‌به‌ر ئه‌وه‌ مافی پێشتریێتی‌ی دابنێ ، هه‌رچه‌ند من سه‌باره‌ت به‌ هه‌ندێکیان به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ بیر ئه‌که‌مه‌وه‌ •

هه‌ر چۆن بێ من حه‌زم ئه‌کرد ئه‌م کاره‌ی گه‌لێ زووتر به‌ ئه‌نجام بگه‌یاندایه‌و هیوای ئه‌وه‌شم هه‌یه‌ ، له‌مه‌ زیاتر چی‌تر دوای نه‌خاو خوێنه‌ران به‌ بینین‌و خوێندنه‌وه‌ی چاو ڕوون‌و دڵخۆش کا •

ئه‌مه‌ له‌ لایه‌ك‌و له‌لایه‌کی تریشه‌وه‌ له‌ ساڵی (**١٩٧٨**ز)دا نامیلکه‌ یه‌کم به‌ سه‌رناوی : (مه‌وله‌وی‌ی‌و سروشت) نووسیبوو ، ده‌زگای : (کۆڕی زانیاری‌ی کورد) له‌ چاپی دابوو ، دوابه‌دوای ئه‌ویش چه‌ند لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی تریشم سه‌باره‌ت به‌ شیعره‌کانی تری مه‌وله‌وی‌ی نووسیبوو هه‌ر وه‌کو خۆیان مابوونه‌وه‌ تا ئیمساڵ که‌ هاتمه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی پوخته‌و پاکنووسیان بکه‌م به‌ڵکو له‌ ده‌رفه‌تێکدا بۆم هه‌ڵکه‌وێ له‌ چاپیان بده‌م •

له‌ به‌رواری : ١-٤-**١٩٨٤**دا ده‌ستم دایه‌ خامه‌و گه‌لێکم لێ پوخته‌و پاکنووس کردن ، بۆ هه‌ندێ زاراوه‌و هێمای سۆفیگه‌ری‌ی پێویستم به‌ لێ گه‌ڕانی چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌ك بوو که‌ گرنگتریان کتێبی : (العقیدة المرضیة)ی مه‌وله‌وی‌ی خۆی بو ، له‌ کاتی ئه‌م پیاچوونه‌وه‌دا ، ڕێم له‌ گه‌لێ پارچه‌ی تێجگار ناسك‌و پرمێشك‌و خاوه‌ن هێمای دڵگیر که‌وت ، جگه‌ له‌وانه‌ی له‌ ده‌می ئه‌م‌وئه‌وم بیستبوو به‌ جۆرێ بێ‌به‌روا سه‌وداسه‌ریان

بوومو ئەوەبوو خولیای ئەم کارەم کەوتە کەللە •

سەیرم کـرد بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لای کەمی‌ی پێویستیم بـە دەست نووسێکی متمانە پێ کراو هەیە ، یەکەم : بۆ ئەوەی دڵنیابم لە ڕادەی دروستی‌ی‌و نادروستی‌ی دەقی چاپەکە ،

دووەم : بۆ سوود وەرگرتن لەو بەراوێزو ڕوون کردنەوانەی کـە بیستبووم کە بەسەر زۆر لـە دەست نووسەکانەوە هەن •

تـا ماوەیەك لـە پرسین‌و ڕادا بووم بزانم کێ ئەم جۆرە دەست نووسەی هەیە ؟ تـا لـە دوای پرسیارێکی زۆر بۆم دەرکەوت مامۆستای پایەبـەرز شێخ (محمد)ی خاڵ نوسخەیەکی زۆر چاکی هەیە ، منیش بە خێرایـی چوومە خزمەتی‌ی‌و ئەویش نوسخەکەی خۆی دامێ کە شـایانی ڕیـزو سوپاسێکی زۆرە •

کە سەیری دەست نووسەکەم کردو هەندێکم لەگـەڵ چاپـەکـەدا بەراورد کرد ــ کە ئەویش لە سێ دەست نووس وەرگیراوە ، متمانەپێ کراوەکەیان لەنووسینی‌ی مەلاڕەسوڵی تووداری‌ی نەقشبەندییە کە لـە ساڵی (١٣٠٧ك) نووسراوەتەوە ــ زۆر پێی دڵخۆش بووم ــ:

یەکەم : لەبەر ئەوەی بە خەتێکی جوان نووسرابووەوەو هێشتا پاك‌و خاوێن بوو ، بە ئاسانی‌ی ئەخوێنرایەوە •

دووەم : لەبەر ئەوە لـە ساڵی (١٣٠٣) کۆچیدا بـە دەسـتی شێخ (معروف)ی سیاگوێزی‌ی لـە پێنجوێندا نووسراوەتەوەو وادیارە لـەو کاتەدا قوتابی‌ی بووە لای زانای گەورە مەلا (عبدالرحمان)ی پێنجوێنی‌ی‌و خـۆیشی خوێندەوارێـکی پایەبـەرز بووە ، جگـە لـەوەش بەرواری نووسینەوەکەی لە بەرواری نوسـخە دەست نووسـەکەی کـە متمانەی

چاپەکەی لەسەربووە کۆن ترە •

سێهەم : لە زۆر شوێندا پەراوێزی مەولەوی‌ی خۆی بە سەرەوەیە کە کۆتایی بە (منه) دێ ، واتە لە دانەری کتێبەکەوەیە ، ئەم پەراوێزانە کە هەندێکیانی بە عەرەبی‌و ئەوانی تری‌ی بە فارسی‌ی نووسیوە بایەخێکی زۆریان بۆ ڕاست کردنەوەی گەلێ دەقو ، ڕێبردن بە گەلێ جوانکاری هەیە ، جگە لە زۆر واتای وردو ، وتەی بەنرخ سەبارەت بە زانیارییەکە خــۆی •

وە هەروەها قەیدو تەزبیب[1] (القيد والنضبيب)ێکی ڕێك‌وبێکی بۆ کراوە کە یارمەتی‌ی دروستخوێندنەوەو تێگەیشتنی زۆر لە دەقەکان ئەدات •

وازم لە بەراوردەکە نەهێنا تا دوابەیتی کتێبەکە ، بە ڕاستی‌ی لەم کارەدا بەهۆی دەسخەتەکەوە هەندێ هەڵەی چاپەکەو بە هۆی چاپەکەیشەوە هەندێ هەڵەی دەسخەتەکەم بۆ ڕاست کرایەوە کە زۆربەیان لە ڕێی ڕێنووسەوە دروستبوون ، هەر وەکو لە ئەنجامی حەشاردانی هەموو باسەکانی کتێبەکەدا نەخشەی ئەم کارەم لە مێشکدا بۆ دیاری‌بووو پشت بە خودا دەستم دایە •

---

(١) قەیدو تەزبیب (القيد و التضبيب) چەند نیشانەیەکی تایبەتە کۆن بۆ ڕوون کردنەوەی دەقی کتێبەکان لە جیاتی‌ی ئەونیشانانەی کە ئێستە پێیان ئەڵێن : (علامات التنقيط) Punctuation marks لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا بەکار هێنراون •

پێرستی کتێبی : (العقيدة المرضية)

مەونەوی پێرستی کتێبەکەی لە سەر بنچینەیەکی ڕوون و گەلێ ناسك و دڵگیر داناوە : هاتووە فەرمووددەی باوەڕ : (الايمان ان تؤمن بالله وملائكته وكتبه ورسله وباليوم الآخر وبالقدر خيره وشره من الله تعالى)ی کردووە بە بنەڕەت و هۆنراوەکەی کردووە بەڕاڤەو لێکۆڵینەوەی فەرموودەکە لە هەر شوێنێکا بە پێی دەرەتانی خۆی و تا سنووری گونجان باسەکەی فراوان کردووە •

لەبەر ئەمە هۆنراوەکەی کردووە بە شەش بەشی سەرەکییەوە جگە لە سەرەتا ، کە چارەسەری شتە گشتییەکان : (الامور العامة)ی تێدا دەکات وەك : تێبینی و بوون و شیاوی : (النظر والوجود والامكان) وە یا باسی ئەو شتانەی تیادا دەکا کە پەیوەندی بە کتێبەکە خۆیەوە هەیە • بە هەر یەکێ لەم بەشانە ئەڵێ: ئەسل (الأصل): بنەڕەت، تەنها لە شەشەمدا نەبێ ئەم وشەیە بەکار ناهێنێ و ناوی هەوارگە دێنێتە کایەوە :

وەسەر هەوارگەی شەشە مییندا
فەضاوو قەدەر وان ، لە کەمییندا

بەڵێ هەوارگەیە و ڕێبوار کە گەیشتە ئەوێ پێویستی بەبار خستن و حەواندنەوە هەیە ، هەر چەند وابزانم هەوار نەیەکی سەختەو پێویستی بە هەڵس و کەوتێکی زۆر هەیە بۆ دارو بەرد لابردن و جێ خۆش کردن و لەوانەشە تووتمی بەردەڵان و توولە ڕێی بێ ، کە بەربێتەوە و ملی بشکێ یا ڕێی لێ تێك چێ و سەر نەهێنێتە دواوە ؟ چونکە بەڕاستی مەولەوی خۆی گەلێ تێدا هیلاك کردووەو گرنگی و بایەخێکی زۆری داوەتێ، بە جورێ بیرو ڕا نەماوە تەتەڵەی نەکاو هیچ گون و قوژبنێکی نەهێشتووەتەوە سەری یا نەکا •

له نوسخه دەستنووسەکەدا هیچ جۆرە سەر ناوێك بە بەخشـان بەدی ناکرێ تەنها ئەو بەیتەی سەرەتای یەکێ لە شەش بەشەکانە ، هەردوو مەسرەعەکەی لـە ناوەڕاستداو لەژێریەکدا نووسراونەتەوە ، مەسرەعی بەیتەکانی تر بەرانبەرن • من وای بۆ ئەچم ئەمە شیوەی نووسینەوەی مەولەوی خۆی بێو ئەو سەرناوانەی لە چاپەکەی میسردا بەدی ئەکرێ بۆیان زیاد کـردبێ بە تایبـەت ئەگەر یەکێ بـەوردی سەیریان بکابۆی دەرئەکەوێ هەندێکیان گونجاونیین لەگەڵ شوێنەکەیاندا •

شێوازی دوانی ئەم کتێبە

هەر چەند وەکو باسمان کردکتێبی : (العقيدة المرضية) لە زانیاری‌ی کەلام ئەدوێ ، ئەمو زۆر جیاوازییشی لەگەل تێبو هۆنراوەکانی تری ئەم زانیارییەدا هەیە •

لە هەر شوێنێکدا هەلێکی دەستکەوێ باسی سۆفییکەری‌ی‌و زنجیرەی ڕابەرەکانی دێنێتە کایەوەو ئەیکاتە ناواخی باسە کەلامییەکان ، کە ئەمە بەدی‌ی ناکرێ لە کتێبو هۆنراوەکانی تری کەلامداو ئەگەر شتێکییش هەبێ بەو جۆرەی مەولەوی‌ی نییە •

خالێکی تر ئەوەیە گوێی لە پوختەکردنی دەربڕین نەبووەو هەر چۆنو لە هەر کوێ بۆی ڕێکەوتبێ ، ئاوزەنگی لە ئەسپی وتاری‌ی داوەو چەپلەی لە کۆتری ئەندێشەی کوتاوە ، با سەرییشی کێشابێ بۆ درێژە دانو دووبات کردنەوە ، هەر چەند لە ڕووی شیعرییەوە ، بە هۆی جیاوازی‌ی شێوەی دەربڕینو لەیەک نەچوونی وێنەکانیانەوە ، بە دووبات دانانرێن •

وە هەر وەها لە هەندێ مەسەلەدا وەك باسی میعراجو چوار یاری پێغەمبەرو نەوەکانی‌و هەندێ مەسەلەی تریش بە شێوەیەکی پڕ لە سۆزو خەیاڵ دواوەو بە جۆری جوانکاریی تێدا بەکار هێناوەو وتاری لێ ڕازاندووەتەوەو درێژەی پێ داوە مەگەر هەر لە دەست مەولەوی‌ی خۆی هاتبێ •

ئەمەش تامو چەشنێکی وای داوەتە ئەم جۆرە پارچانەی کە سەدان بەڵکو هەزاران کەس هەر لە مێژەوە لەبەریان کردووەو بووە بە ویردی سەر زمانیانو لە کاتی خۆشی‌ی‌و ناخۆشی‌ی‌و لە وەختی تەنیایی‌ی‌و کۆبوونەوە گشتییەکانو لە میحرابی وەعز سەر مینبەرەکاندا خوێندوویانەتەوەو ، وتاری خۆیان پێ ئارایش داوە •

سەرەتاو هۆی دآنانی کتێبی : (العقيدة المرضية)

مەولەوی لـە سەر ڕەوشتو نەریتی ئیسلامی پاش یارمـەتی وەرگرتن لـە خودای بەخشندەی میهرەبان :

بسم الله الرحمن الرحيم

هۆنراوەکەی بە سوپاسو ستایشی خـودا دەست پێدەکات ، بـە جۆرێ کە هەر لەسەرەتاوە دەستنیشـانی نـاوەرۆکو مەبـەست بکات : (براعـة الأستهلال)[١] :ـ

زوبدەی عەقیدەو خۆلاصـەی کـەلام
هـەر لـە تۆ بۆ تۆس حەمدو ثەنای تام(٢)

نوێشکی بڕواو پوختـەی وتـار یا زانیـاریی کـەلام ئەمەیە : لـە خۆتەوەیەو هەر بۆ خۆتە سوپاس ستایشی تەواو ؛ یەکەم لەبەر ئـەوە کە هەر خـۆت توانادەری بۆ بەجێهێنانیان بەبۆنەی ئەوەوە کە هەر خۆتی سەرچاوەی هـەموو خێرو بێرو ستایشی هـەرچیتر بکـەین چونـکە دەستکردی خۆتە ، هەر بۆ خۆت دەگەڕێتەوە .

---

(١) براعة الاستهلال : جوانكارییەكی ڕەوانبێژییە ، مەبەست ئەوەیە لەسەرەتای کتێب یا چامـەوە شتێ وا هـەبێ کـە ناوەرۆك دەستنیشان بکات ، لێرەدا وشەی (عەقیدە ، کەلام ...) ئەوە ئەگەیێنن کە کتێبەکە باسی زانیاری کەلام دەکات ، هەر وەها ناوەرۆکی بەیتەکانی تریش هەر لە زانیارییەکەوە وەرگیراون ، ئەمەش جۆرێکی ترە .

(٢) زوبدة (زبدة) : نوێشك ، پوختە . عەقیدە (عقيدة) : بیرو باوەڕ . خۆلاصە (خلاصة) : پوختە . کەلام (كلام) : وتار ، وتە ، وتەی خووا ، زانیاری بیرو باوەڕە بنەڕەتییەکانی ئایینی ئیسلام . بۆ تۆس : بۆ تۆیە .

پاش ئەوەی ئەرکی سوپاس و ستایشی بەجێهێناو سوپاسیش لەسەر نیعمەتە ، ئەیەوێ هەندێ لە نیعمەتەکانی خودا باس کات ، گەورەترینیشیان ڕژاندنی ڕووناکیی باوەڕو ناسینی ڕاستیی خۆیەتی بەسەر دڵی بەندەکانیا • لەبەر ئەوە ئەڵێ :

هەر خۆتیی بۆ خۆت بورهان ، دییتر بەس
بەشی خۆی تێکەڵ ناێ بکا کەس(٣)

هەر خۆتی بەڵگەی ڕاستیی بۆخۆت و ئەگەر خۆت نیشانی دڵی ئارەزوومەندان نەدەی بە هیچ جۆرێ ناتوانن بتناسن و ، نابێ کەس لە خۆی بایی بێ و بڵێ : من بەڵگەی بێ گومان دێنمەوە بۆ خوایەتییت لەسەر ڕێبازی فەلسەفەو کەلام و زانیاریی ؛ چونکە ئەوانە داد نادەن و ئەگەر دوودڵییشی ، گوێ شل کە لەمە :

کەنارەی صەحرا نادیارییە
بینایی عوقوول ئاومراوارییە(٤)
(ضيق النفس)یە ، هەناسەی نایە
دانش ، پێی دەلیل (عرق النسا)یە(٥)

---

(٣) بورهان (برهان) : زاراوەیەکی مەنتیقە ، مەبەست ئەو بەڵگەیە کە سەرەتاکانیی لە ڕواڵەت و لە کەرەسەدا ڕاست و بی گومان بن • دییتر ، ئیتر • ناوێ : نابێ •

(٤) کەنارە : کەنار ، لێوار ، قەراخ • صەحرا (صحراء) چۆڵ ، بیابان مەبەست بیابانی ناسیینی خودایە • عوقوول (عقول) : کۆی عەقلە (عقل) : مەبەست ئەو هێزە نهێنییەی مرۆڤە کە توانای هەڵوەشاندن و لێکدان و ڕێك خستنی زانراوەکانی هەیە ، بۆ گەیشتن بە نەزانراو ، یا ئەو هێزە نهێنییەیە کە توانای بڕیاری هەیە • ئاومرواریی : نەخۆشیی ئاوهاتنیی چاو لە سەرەتاوە ، کە لە ئەنجامدا سەر ئەکێشی بۆ کوێریی ، مەبەست لێرەدا دۆخی پێش کوێرییە •

(٥) (ضيق النفس) هەناسە توندیی ، نەخۆشییەکی تایبەتە ئەو

سەرچاوەکان : (المصادر)

هەرچەند گەلێ سەرچاوە لـە پێکهێنانی ئەم بەرهەمەدا بەشدار بوون بەڵام زۆربەی لە پەراوێزە دەستنووسەکانی مەولەوی‌ی‌خۆیـەوە کـە ووسییوە ، یـا لـە ڕاوێژی شارەزایانی لەم بوارەدا متمانەپێ‌کـراو یـا لـە زەینکاری‌ی تایبەتی خۆم وەرگیراوە •

لێرەدا تەنها ناوی هەندێ لەو سەرچاوانە بۆ دەستنیشـان‌کردنی جۆرو پێزانینی سوود لێ‌وەرگرتنیان دەخەمەڕوو •

هیوام وایـە خوێنەر ؛ چونکە من لـە باسە تایبەتەکاندا کـەم‌تـر هێنام بۆ سەرچاوە کردووە ، بـە پێی خەملاندنی خۆی ، لەکاتی پێویستدا بۆ سەرچاوە لەگەڵ مەبەستدا گونجاوەکان بگەڕێتەوە ئەو سەرچاوانەش ئـەمانەن :ــ

١ ــ دیوانی مەولەوی‌ی : مەلا عبدالکریمی مدرس • بەغدا/١٩٦١ •
٢ ــ یادی مەردان ، بەرگی دووهەم : مەلا عبدالکریمی مدرس • بەغدا/١٩٨٣ •
٣ ــ مەولەوی‌ی : أ • ب • هەوری‌ی • سلێمانی/١٩٧٣ •
٤ ــ الوسیلة في شرح الفضیلة : الشیخ عبدالکریم المدرس بغداد/١٩٧٢
٥ ــ التعریفات : لعلی بن محمد الجرجانی المعروف بـ (السید الشریف)•
٦ ــ شرح العقائد النسـفیة : لمسـعود بن عمر المعـروف بسـعدالدین التفتازاني •
٧ ــ تعلیقات أحمد بن موسی الشهیر بالخیالی علی شرح العقائد النسـفیة للسعد التفتازاني ح وحواشي عبدالکریم بن شمس‌الدین المعـروف بالسیالکوتی علیها •

٨ – شرح تهذيب الكلام للشيخ عبدالقادر المهاجر وتعليقات العلامتين : الملا عبدالرحمن البنجويني والشيخ عمر الشهير بأبن القرهداغي على الشرح المذكور .

٩ – الأعلام : خيرالدين الزركلي .

١٠– المنجد في اللغة والأعلام الطبعة الحادية والعشرون .

★ ★ ★

پێرستی پێشەکیی‌و لێکۆڵینەوەی
هەڵبژاردەی (العقيدة المرضية)

لاپەڕە	بابەت
٣	کورتەیەك لە ژیانی مەولەویی
٦	خولیای ئەم لێکۆڵینەوەم چۆن کەوتەسەر ؟
١٠	زانیاریی کەلام (علم الكلام) ٠
١١	موعتەزیلەکان چۆن سەریان هەڵدا ؟
١٢	شێخ (ابو الحسن)ی ئەشعەریی‌و دروست بوونی ئەشعەرییەکان ٠
١٤	ڕێبازی ئەهلی حەدییث لە چارەسەری مەسەلەکانی باوەڕدا ٠
١٦	پێشکەوتنی کەلام لەسەر دەستی زانا ئەشعەرییەکان ٠
١٧	ئیمامی غەزالی وەك قۆناخێکی نوێ لە ڕێبازی چارەسەری باوەڕدا ٠
١٨	زاناکانی دوا عەزالی تا لە پێشرەویی کەوتنی زانیاریی کەلام ٠
٢٠	خولی مەولەویی لە زانیاریی کەلامدا ٠
٢٢	پێرستی کتێبی (العقيدة المرضيه)و بنچو بنەوانی ٠
٢٤	شێوازی دوانی کتێبی (العقيدة المرضية) لە زانیاریی کەلام ٠
٢٥	(العقيدة المرضية) هۆنراوەیە یا شیعر ؟
٢٦	بنەڕەتی هەلبژاردی نموونەکان
٢٧	ناوی (العقيدة المرضية) لە کوێوە هاتووە ؟
٢٩	سەرەتاو هۆی دانانی کتێبی (العقيدة المرضية) ٠
٢٩	سوپاس‌و ستاییشی خودا بە شێوەیەکی ناسك‌و گونجاو ٠
٣٢	درورد بۆ پێغەمەر بە شێوەیەکی داهێنراو ٠
٣٤	چوونە ناو مەبەست ، ئامۆژگاریی‌و فرمان دان بە وشیار بوونەوە ٠
٣٦	ڕاکێشانی وتار بۆ باسی ئیمان بە ناسکیی ٠
٣٨	پێناسەو وەسفی ئیمان ٠

لاپەڕە	بابـــەت
٤٠	مەرجی جێگرتنی ئیمان لە دڵدا .
٤١	ڕێەکانی کەسب کردنی ئیمـان : (کەشف ، دەلییل ، تەقلید) ..
٤٤	سەرچاوەکانی مەولەویی‌و سوورانەوەی لەگەل ڕاستییدا .
٤٦	شـێخ (عبدالرحمان)ی (ابو الوفـا)و بەروواری دەست پێکردن‌و کۆتاییی کتێبەکە .
٥٠	کورتە باسێکی بوون (وجود) .
٥٢	چوونە ناو باسی یەکێتیی (وحدة)ەوە .
٥٤	هاتنـە سەر مەبـەست‌و شێوازی دوانی مەولەویی لــە هۆنراوەکەیدا .
٥٥	باســی ئیمان‌و لێکـدانەوەی سوورەتی (اخلاص) ، بـۆ لێکۆڵینەوەی چۆنێتیی خوداو باسی سیفەتەکانی .
٥٨	دەرهێنانی ڕای ڕاست لــە بابــەت چارەنووسەوە (مسالة
٦٠	باسی (ازلية)و (ابدية)ی خودا بە شێوەیەکی ناسك‌و داهێنراو .
٦٢	ئاوڕێك بــە لای بەڵگەی ئەهلی دڵدا سەبارەت بــە خــودا ناسیین .
٦٥	دیاریی کـردنی سنووری بیابانی خوداناسیین بــە پێی دواترین ڕای فەیلەسووف‌و زاناو خاوەن دڵەکان .
٦٨	باسی لە دایك بوونی پێغەمەر (د.خ) بە شێوەیەکی زۆر ناسك‌و پڕ هێماو شاعیرانە .
٧٣	باسی هاتنی نیگا بۆ پێغەمەر بە هەمان شێوەی پێشوو .
٧٦	جوانترین پێشەکیی بۆ چوونە ناو باسی میعراج .
٨٠	هــەڵوەشاندنەوەی ڕای فــەلسەفەی کــۆن سەبارەت بــە میعراج .
٨١	چوونە ناو باسی شەوڕەویی‌و درێژەدانێکی جوان سەبارەت بە چۆنێتی ڕوودانی .
٨٤	دوانێکی پڕ سۆزو عیرفان لە میعراج .

لاپەڕە	بابــــەت
٩٣	کـورت کردنەوەی چیرۆکی میعراج لـە دوو بـەیتدا بـە شیۆەیەکی بێ وێنەو داهێنراو .
٩٥	دەمـەتەقێیەك لەگـەڵ تەلکـرانو تێگـەیشتنی کـەسانی هاوچەرخدا .
٩٨	بەرهەمەکانی میعراج سەبارەت بە پێغەمەرو کەسانی‌تر .
١٠٠	کـۆتاییی باسـی ڕێبـازەکانی سۆفییگەریی بـە شـێخ (عبدالقادر)ی گەیلانییو ئیمامی ڕەببانیی .
١٠١	باسی مەولاناخالیدو شێخ (عثمان)ی (سراج‌الدین) .
١٠٧	ناوی (شێخ عثمان) بە شیۆەی موعەمما .
١٠٩	لێدوانێکی تر لە شێخ (عثمان)ی تەوێڵە .
١١٢	باسی چوار کوڕە ڕابەرەکەی شێخ (عثمان) .
١١٧	بەراوردێك لە نیۆ مردنو ژیاندا .
١٢١	نیشانەی دوارۆژی بچووك (مردن) سەبارەت بە خۆمان بـە شیۆەیەکی شیعریی .
١٢٢	هەڵوەشاندنەوەی ئـەو بییرو ڕایەی لەگـەڵ سزادانی نـاو گۆڕدا نییە .
١٢٥	توێژانەوەی ڕای فەیلەسووفەکان سەبارەت بە پاڵدانی هەموو ڕووداوێك بە خوداوە ، چییرۆکێکی دلگییر لە ئەفلاتوونەوە .
١٢٨	پەســەند کـردنی بییرو ڕای ئەشعەریی لـە چارەنووسو مەسەلەکانی تری بڕوادا .
١٣٠	دەمەتەقێیەك لەگەڵ ئەوانەدا چارەنووس ئەکەن بە بییانووی گوناه کردن .
١٣٢	تۆبەو کۆتاییی ژیان ، وەك ڕچـەشکاندن بۆ چـوونە نـاو کۆتاییی باسی چارەنووسو هۆنراوەکەشەوە .
١٣٣	لە ئەستۆ گرتنی فەرمانە سەر زارەکییەکانی ئاینی ئیسلام .
١٣٤	گەشتێکی سۆفییگەریی زانایەکی سەرزارەکیی سەرگەردان لە ناو چۆڵی : قییلو قالدا . (بە شیۆەی هێماو ڕەمز) .
١٣٤	ئەو کۆسپانەی هاتبوە ڕێی زانا سەرگەردانەکە .
١٣٥	دۆخی تێگەییشتن دوور لە ڕاستیی زاناکە .

لاپەڕە	بابـــەت
١٣٩	ڕزگار بوونی زاناکە بە هۆی ڕێبازی سۆفییگەرییەوە ٠
١٤٠	هۆی سەرگەردانیی پێشووی چۆن بۆ دەرئەکەوێ ؟
١٤١	هەندێ لەو ڕاستیییانەی لەم ڕێبازە نوێیەدا سەبارەت بـە خودا ناسیین بۆی دەرکەوت ٠
١٤٦	لێدوانێکی تەمو مژاویی لـە سیفاتو ناوەکانی خـودا لـە زنجیرەی ئەو ڕاستییانەدا لە ڕێبازی سۆفییگەرییەوە بۆی دەرکەوتوون ٠
١٤٨	لێکدانەوەیەکی سۆفییانەی ئایەتی : (وان من شيئ الا يسبح بحمده ولكن لا تفقهون تسبيحهم) ٠
١٤٩	دیاردەی خودا بەس لە دڵی خاوەن باوەڕدایە ٠
١٥١	دوا تنۆکی باسی چارە نووسو هۆنراوەکەو مۆرکی تایبەتیی بە شێوەیەکی یەکگرتوو ٠
١٥٣	سەرچاوەکان : (المصادر) ٠

MAWLAWI.KRD

- ئەگەر دەتەوێ شیعری مەولەوی بێ وەرگێڕانو دەسکاری بەشێوی سۆرانی بخوێنیتەوە ·
- ئەگەر بە ئاواتی ئەوەی وێژەی سۆفیگەری بە زمانە شیرینەکەی خۆت بخوێنیتەوە ·
- ئەگەر دەتەوێ بە سەر ئەو پردە بەرزەدا ، کە مەولەوی لە ناوەند زانیاری کەلامو سۆفیگەریدا بە ستوویە ، گەشتێکی گیانی بکەی ·
- ئەگەر دەتەوێ سوود لە باوەڕی بەرزی مەولەویو هێزی نیدای گیانی پاکی وەرگری ·
- ئەگەر دەتەوێ دەربارەی :

باوەڕو پلەکانی ، یەکێتی خودا ، چارە نووس ، ڕۆژی دوایی ، ناردنی پێغەمبەران ، نیگاو میعراج ، زنجیرەی ڕێبازی سۆفیگەری ، شێخ وەسمانی تەوێڵەو چوار کوڕە ڕابەرەکانیو گەلێ مەسەلەی گرنگی تر ، بەو شێوە ناسکە پڕ هێماو ڕەمزەی مەولەوی بخوێنیتەوە · هیوام وایە بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە تامەزۆت بشکێو بە ئامانجەکانت بگەی ·

بابەعەلی شێخ عمر قەرەداخی

نرخی ١٠٠ر١ فلسە